# هەر کاتژمێرێك  هەزارو دوو سەد منداڵ بە دوور لە چاوی میدیاکان، بەهۆی هەژارییەوە ئەمرن!
# داهاتی 500 کەس لە دەوڵەمەندترینی دنیا، لە داهاتی 416 ملیۆن کەس لە هەژارترینی دنیا زیاترە!

پرۆگرامی گەشەسەندنی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان UNDP ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆی،2005، ی لە ژێر ناوی "هاریکاری نێودەوڵەتی، لە دووڕییانێکدا، یارمەتی، بازرگانیو ئاسایش لە جیهانێکی نایەکساندا" بڵاوکردۆتەوە. لە بەشی یەکەمی ڕاپۆرتەکەدا کە لەژێر هەمان سەردێڕی سەرەوەدایەو 14 لاپەڕەیە، گەلێ ئامارو مەسەلەی جدی سەبارەت بە ژیانی خەڵکی ناو وولاتە هەژارەکان تێدایە. دوو مەسەلەیان کە زۆر گرنگو جێی سەرنجدانە، ئەو دوو ئامارەی سەرەوەیە سەبارەت بە ڕادەی دەوڵەمەندو هەژارانو مردنی منالان. بەپێی دەربڕینی ڕاپۆرتەکە ئەو ڕێژە بەرزەی مردنی مندالان، واتە 1200 منداڵ لە هەر کاتژمێرێکدا یەکسانە بە قوربانیانی سێ تسونامی لە یەك مانگدا! واتە مانگانە سێ تسونامی لە بێدەسەڵاتترینو بێچارەترین بەشی بەشەریەت ئەداتو لەناویان ئەبات کە ئەویش ئافاتی هەژارییە!

هەروەها لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە کە 2.5 بلیۆن خەڵك کە داهاتی ڕۆژانەیان لە 2 دۆلار کەمترە وە 40٪ ی دانیشتوانی دنیان، 5٪ ی داهاتی جیهانی پێك ئەهێنن. لەکاتێکدا تەنها 10٪ ی دەوڵەمەنترینی جیهان کە لە وولاتە داهاتە بەرزەکاندا ئەژین، 54٪ ی داهاتی جیهانی پێك ئەهێنن! ئەمەو بێجگە لەوەی کە ڕاپۆرتەکە ئاماری مردنو تووشبوون بە نەخۆشی ئایدزو(HIV) و نزمی ئاستی تەمەن بە بەراورد لەگەڵ ژیانی ئەوروپادا لە وولاتەکانی ئەفریقادا نیشان ئەدات.

ئەم ڕاپۆرتە لە لایەن پرۆگرامی دەزگایەکەوە ئامادە کراوە کە بەرپرسەکەی (کوفی ئەنان)و چەندین کاربەدەستی تری UNو چەندین دیپلۆماتی تر بەوە تاوانبار ئەکرێن کە دەستیان لە گەندەڵیو دزییەکەی بەرنامەی نەوت بەرامبەر بە خۆراکدا هەبێت.

ئەم ڕاستییانەی کە تەنها وەك ئامار لە ڕاپۆرتەکەی پرۆگرامی گەشەسەندندا باس کراوە، دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە دنیاو ژیان بە دەست سەرمایەدارییەوە گەورەترین جەهەنمە بۆ بەشەریەتو دنیا پێویستی بە گۆڕان هەیە. کە ئەمەش پەیامی مارکسە بۆ ڕزگاری بەشەریەت.